

# ڕەنگێکی قژت شێوەی بچووکی و گەورەیی رووخسارت دیاری دەکات

بە هەڵە هەڵبژاردنی رەنگی قژ، دەبێتە مایەی دەرکەوتنی روخسارت لە تەمەنی خۆت بچووکتر، یان گەورەتر، چونکە رەنگەکان کاریگەرییان لەسەر شێوەی دەموچاو هەیە، بەتایبەت ئەگەر رەنگەکە لە رەنگی پێست و مۆدەوە بە دوور بێت، بۆ نموونە: ئەگەر تۆ مۆدی رەنگی قژێکی ساڵانی (٨٠)یەکان لە قژت بدەیت، ئەو کاتە شێوەت کلاسیك و گەورە دیار دەبێت، گۆڤاری (پێردەی) کۆمەڵێك رەنگی قژی دیاری کردووە کە شێوەی روخسارت لە رووی جوانی و تەمەنەوە بچووکتر نیشان دەدات کە ئەوانەن:

- کەزی شێوە کرامیل، مۆدێکی ناسك و نایابە، کرامێل هاوشێوەی رەنگی کرێمییە کە هایلاتێکی رازاوەیە بە تایبەت ئەگەر کەزی و بەشی کۆتایی قژت لەو رەنگەوە بێت، بۆ ئەوانەش گونجاوە کە رەنگی پێستیان ئەسمەرە، وەکو مۆدەکانی قژی بریانکا شوبرای ئەکتەری ناوداری هیندستانی.
- نمرەی گۆڵدن میلۆن، رەنگێکی دیکەی ناسکە، گەنج و بچووکت دەکاتەوە، کە زەردی تۆخە و لە رەنگی زێڕ نزیکە، بە مۆدەکانی (golden melon) ناسراوە، بۆ ئەو رەنگە پێویستە ماوە ماوە سەردانی ساڵۆن بکەیتەوە، تا زەقیی ئەو رەنگە تۆخ بکەیتەوە.
- برۆند سۆمبەر - Bronde Sombré، ئەوانەی قژیان رەش و قاوەییە، پێویست ناکات خەریکی تۆخکردنی رەنگی قژیان بن، بەڵکو دەکرێت هەندێ نمرەی رەنگی دیکە بۆ قژیان زیاد بکەن وەك: زەردی کاڵ، رەنگی سووری خەنە.
- پەمەیی باستیل، ئەو رەنگە بۆ ئەوانەیە کە دەیانەوێ لە تەمەنێکی هەرزەکاری و بچووکدا دەربکەون، بۆ کاتی کلیپ و گەشت و سەیرانە، بۆ کاتەکانی دیکە گونجاو نین، ئەو رەنگە لە زەرد نزیکە هەمان شێوازی رەنگی زەرد وەردەگرێت.
- مۆدی میکس، بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو رەنگ لە قژێکدا، کە ئەوەش مۆدێکی نایابە و سەرنجڕاکێشە، دەتوانی لەگەڵ رەنگی قژت، یان رەنگێکی هەڵبژێدراو، رەنگێکی دیکەش کە لە یەك نزیك بن بۆ رەنگی قژت دیاری بکەیت.



# بە چەند هەنگاوێک دیک

هەندێ جار ماڵەکەت پڕە لە کەرەستەی گرانبەها و دیکۆرێکی نایاب، کەچی تەسکی و دڵتەنگی بە ماڵەکەتەوە دیارە و ئەوەش جێگەی نیگەرانی تۆی خانم و هەموو ئافرەتانە، هەروەها کەشوهەوای ئێستای وەرزی ساڵ هەستێکی بێزاری بە مرۆڤ دەدات، بۆیە تا چەند ماڵەکەت کراوە و دڵڕفێن بێت، تۆش زیاتر دەسترەنگینی و خانمایەتیت دەردەکەوێت، کاری رۆژانەی ژیان مرۆڤ بێزار دەکات و پشوودان لە ماڵەکەیدا رێگەیەکە بۆ خۆشی و شادی، بۆیە هەوڵبدە لەم هەنگاوانەدا دیکۆر و ماڵەکەت ببێتە هۆکارێك بۆ رەواندنەوەی خەم و بێزاری:

- رووەك و گوڵ: با لە ماڵەکەت باخچە هەبێ، ئەگەر شوێنی باخچەش نەبوو، دەتوانی رووەکی بەر هەتاو و سێبەر لە بەشەکانی ماڵەکەت دابنێیت، هەروەها هەوڵبدە گوڵ و گوڵدانیش هەبێ، چونکە سەرچاوەی خۆشی و دڵکرانەوەن.
- هەڵگرتن و دانانی کەرەستە: رێگەیەکی دیکەیە کاتێك ماڵەکەت قەرەباڵغی پێوە دیار نابێت، بەمەش بۆشایی دەبێت، بوونی بۆشایی نێوان کەرەستەکانت، هەستێکی







# تاخمه جلی زستانه

جلەکانی زستانه، بە تەواوی جیاوازن لەگەڵ جلی وەرزەکانی دیکەدا، هەر جلێك بۆ کات و شوێنێك دەپۆشرێ، بۆیە تا دەتوانی جلەکانت لە جۆر و ناوی باش بن، تا لە سەرمای زستانەوە بە دوور بیت، هەروەها مۆدێکی شیکیش بۆ لەشولارت هەڵبژێریت. کچە نمایشکار (ئەلیان ستۆڵرۆ)، بە جلە ناسك و نایابەکانی چەندین مۆدی جلوبەرگی داهێناوە و نمایشی کردوون، کە زۆربەیان لە حەریر و پەموو و خورین، ئەو جلانە بۆ وەرزی زستانە و مۆد و شێوازێکی نایابی هەیە. مۆدەکانی جلی ئەو نمایشکارە لە شێوازی سادەی جلی خەڵکن، ئەو پێیوایە کە پێویست ناکات لە وەرزی زستاندا جلی مارکە و گرانبەهات لەبەر بێت، چونکە لە وەرزی زستاندا جلەکان هێندە بەرچاو و جێی سەرنج نین، وا چاکە تاخمە جلەکەت پێکهاتبێت لە: چاکێت، پانتۆڵ یان تەنوورە، بلووزێکی خوری، یان پەموو، کراسی ئەستوور، ملپێچ و کڵاوێکی سەر بۆ کاتی دەرچوون، هەروەها پێڵاوەکانیشت با زیاتر لە قوماش و پەڕ بن، چونکە پێڵاوی پێست لە زستاندا ساردن و پێیەکانت هەردەم سڕ دەبن، دەربارەی ڕەنگی جلی زستانە ئەو خاتوونە دەڵێ: هەوڵبدە جلەکانت لە ڕەنگەکانی: قاوەیی، سەوز، سوور، ڕەش و ڕەساسی بن.



# ۆری ماڵەکەت فراوانتر بکە

کراوە و خۆشی بە چاو و دەروونی مرۆڤ دەدات.

- ڕەنگی دیکۆری ماڵ: هەندێ لە ڕەنگەکان بێزاری و خەمۆکی بۆ مرۆڤ دەهێنن، پسپۆڕان دەڵێ، ڕەنگی شین تاکە ڕەنگە کە هەستی مرۆڤ خۆش دەکات، هەوڵبدە دیوارەکانی ماڵەکەت لەو ڕەنگە بێت، یان هەندێ لە کەرەستە گەورەکانت لە ڕەنگی شینی تۆخ و ئاچوغ بن.

- پەنجەرەکان: هەندێ لە پەنجەرەکانی ماڵ بچووکن، یان پەردەی ڕەنگی تۆخیان بۆ دانراوە، کە ئەوانەش هۆکارێکن بۆ دڵتەنگ بوونی مرۆڤ، بۆیە تا دەکرێت پەردەی ڕەنگی کراوە بۆ پەنجەرەکان تەرخان بکە، هەروەها گەر هەستت بە دڵتەنگی کرد، پەردەکانی ماڵ بکەوە.

- کەرەستەی ڕووناکی و ئەلیکترۆنی: چاکترە لە زۆربەی بەشەکانی ماڵدا کەرەستەکانی ڕووناکی هەبن، هەروەها ئامێرەکانی ئەلیکترۆنیش کاریگەریان هەیە لە باشترکردن و دڵرفێنی مرۆڤ، بۆیە بوونی تەلەفزیۆن و ئامێری ئینتەرنیت خەڵك لە بێزاری و دڵتەنگی بە دوور دەگرێت.



# ڕێوڕەسمی شاجوانی کوردستان لە شەوی یەلدا بەڕێوەچوو

لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا و بە بەشداریی کاندیدان بۆ شاجوانیی کوردستان لە هۆڵی بابیلۆن لە شاری هەولێر هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان بەڕێوەچوو، دوای ئەوەی (١٠٧) کەس فۆڕمیان بۆ بەدەستهێنانی نازناوی شاجوانی کوردستان پڕکردبووەوە، دوای تاقیکاریی پاڵێوراوەکان، تەنیا (٨١) کەسیان مایەوە، لە دوای پرۆسەی پشکنین پاشان چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو پاڵێوراوان ساز کرا و دەرئەنجام (١٤) کەس مانەوە کە کاندید بن بۆ بەدەستهێنانی نازناوی شاجوانی کوردستان، لە شەوی یەلدا کە درێژترین شەوی ساڵە، لە ڕێوڕەسمێکی گەرم و گوڕدا، شاجوانی کوردستان هەڵبژێردرا.

هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان بە دوو ڕێگە بوو، یەکەمیان لەلایەن لیژنەی دادوەران و دووەمیان لە ڕێگەی دەنگی خەڵکەوە بوو، کە لە ئەپلیکەیشنی ڤایبەرەوە دەنگیان بۆ ئەو خاتوونە دەدا کە مەبەستیانە تاجی شاجوانی لەسەر بنێت، سەرەتای نمایشەکە بە جلی سووری خانمانی کاندیدی شاجوانی کرایەوە، پاشان بە جلی کوردی کە لەلایەن بەرگدروو ئەسعەد خەیات ئامادەکرابوو، دواتر بە جلی بیانی و کراسی درێژ خۆیان نمایش کرد کە لەلایەن ڤاناس مۆدەوە ئامادەکرابوو.


بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە زیاتر لە (٣) کاتژمێری خایاند، لە کۆتاییدا (سانا مەحموود) وەك کچە هەڵەبجەییەکی کوردستان نازناوی شاجوانی وەرگرت، کە کچێکی باڵابەرز و دەم بە خەندەیە و کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە و بەوجۆرە توانی نازناوەکە بەدەست بهێنێت، هەروەها پلەی هاوەڵی یەکەم (کارێز زوهێر) لە شاری هەولێر و هاوەڵی دووەمیش (میریان تەیار) لە شاری سلێمانی پلەی هاوەڵی سێیەمی پێدرا، شاجوانی کوردستان شوقەیەك لە هەولێر و ئۆتۆمبێل و بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی، هەریەکە لە هاوەڵانیش گەشتێکی وڵاتانی ئەوروپایان بۆ دابین دەکرێت.





# بە کاتژمێر لەسەر گوریس دەوەستن و دادەنیشن

شاخەوانی و وەستان و ڕۆیشتن لەسەر شوێنی بەرز و گوریس، یەکێکن لە گەورەترین سەرکێشییەکانی مرۆڤ، تەنانەت هەندێ جار دەبێتە مایەی کارەسات و ڕووداوی نەخوازراو، ئەو دوو سەرکێشەی ڕۆیشتنی سەر گوریسەکان، بوونەتە جێگەی ترس و تۆقینی خەڵك، بەتایبەت لەو کاتەی لەسەر گوریسە هەڵواسراوەکانی نێوان شاخ و داخەکان بە کاتژمێر دێن و دەچن و دادەنیشن، ئەو دوو سەرکێشە ناویان (فرێدی نۆك و توزان مایك)ە، پێشتر لە کاری سێرکدا یارییان کردووە، ئێستا کارەکەیان بردۆتە نێو سەرکێشی نێوان شاخ و شوێنە بەرزەکان، دواجار توانیان ماوەی (٨) کاتژمێر لەسەر گوریسێکی هەڵواسراوی نێوان دوو شاخی بەرز لە وڵاتی سویسرا دانیشن و لەوێدا قاوە بخۆنەوە و وێنەی سێلفیش بگرن. ئەو دوو هاوڕێیە لە تەمەنی (٤) ساڵییەوە خەریکی ئەو کارەن، دەیانەوێت ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکەن و ببن بە خاوەن گەورەترین نازناو لەو بوارەدا.



## خێزانێک هەست بە ئازار ناکەن

ئازار ناخۆشترین هەستە کاتێك مرۆڤ بەهۆی کارەسات و ڕوودا و نەخۆشی دوچاری دەبێتەوە، ئەی ئەگەر ئازار نەبوایە، مرۆڤ چۆن دەژیا، یان چۆن دەیزانی کە گرفت و کێشەیەك لە جەستەیدا هەیە؟ ئازار وەك نیشانەیەکە تا مرۆڤ بە کێشە و گرفتەکەی بزانێت، بەڵام ئەو خێزانە ئیتاڵییە کە ئێستا لە وڵاتی ئەمریکا دەژین، هەرشتێکیان بەسەربێت، هەست بە ئازاری جەستەیان ناکەن، سەرۆکی ئەو خێزانە ئافرەتێکە بە ناوی (لیتیزیا مارسێلی)، تەمەنی (٥٢) ساڵە و خۆی و (٦) کەس لە خێزانەکەی هەست بە ئازار ناکەن، وەك خۆی دەڵێ: زۆرجار شتێکمان بەسەردێ، بەهۆی نەبوونی ئازارەوە هەست بە کارەساتەکە ناکەین، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بە چاوی خۆمان ببینین، ئەو خێزانە بە (خێزانی سوپەری سرووشت) ناسراون، بەهۆی ئەو سیفاتە سەیرەی لە جەستەیاندا بەدی دەکرێت، لە داهاتوودا دوای پشکنین و لێکۆڵینەوە بۆ پسپۆڕان دەردەکەوێت کێشە و گرفتی ئەو خێزانە چییە کە هەست بە ئازار ناکەن.




## شەڕ و جەنگی تەکنەلۆژیا و کتێب

لە توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لەلایەن پەیمانگای شارتەری بەریتانیدا هاتووە، لە ئێستادا تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و هێڵی ئینتەرنێت تەنگی بە کتێب و خوێندنەوە چنیوە، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەڵك کتێب دەخوێننەوە، ئەوانەی کتێبیش بخوێننەوە، زیاتر ڕوویان لە ئینتەرنێت کردووە و پێیانوایە کە شۆڕشی تەکنەلۆژیا داهاتوو داگیردەکات، لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە لە ماوەی (٣) ساڵی ڕابردوودا نزیکەی (١٣٠) کتێبخانە لە وڵاتی بەریتانیا بەهۆی نەبوونی خوێنەر، یان سەردانی خەڵکی بۆ کتێبخانەکان داخراون، وێڕای بوونی زیاتر لە (٣٠٠) خۆبەخش تا لە ناوەندەکانی کتێبخانەکاندا کار بکەن و نەهێڵن کتێبخانە دابخرێت، کەچی هەوڵەکانیان بێسوود بووە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە حکومەتی ئەو وڵاتە بڕی زیاتر لە (٤٠) ملیۆن دۆلار بۆ کتێبخانەکان تەرخان دەکات، کەچی بەهۆی نەبوونی داهاتەوە زۆربەیان تووشی شکستی دارایی بوون، ئەو شکستە وایکردووە کە زیاتر لە (٧١٢) فەرمانبەری کتێبخانەکان بگوازرێنەوە، یان کارەکەیان هەڵبوەشێندرێتەوە، یەکێك لە فەرمانبەرانی کتێبخانە ئاماژەی بە حاڵەتێکی سەیر کردووە، دەڵێ: زۆر جار بینیومە خەڵك هاتووە لە کتێبخانە دانیشتووە، کەچی مۆبایلەکەی هەردەم بە دەستەوە بووە و لە جیاتی سەیری کتێب بکات، چاوی لە سەر مۆبایلەکەی بووە.

# وێنەی ناوداران لە کەرەستە و کەلوپەلی سەیر



نمایشێکی وێنەی ناوداری جیهان کە لە شاری دوبەی ئیمارات کرایەوە، بووە جێگەی سەیر و سەمەرەی خەڵك و هەروەها نیگەرانی ئەوانەی وێنەیان کێشراوە، نمایشەکە بریتی بوو لە وێنەکێشانی چەند کەسایەتی و ناودارانی جیهان لە کەرەستە و کەلوپەلی وا کە جێگەی بڕوات نابن ئەم نمایشە لەلایەن لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی مایکل ستۆدۆلا بەڕێوە چوو، نمایشەکە لە ژێر ناوی (باوەڕ دەکەیت یان نا) کرایەوە، هەندێ لە وێنەکان لەم کەرەستانەوە دروست کرابوون: سەرەتا وێنەی کارێکتەری سینەمایی (هەڵك) لە ئاسنی فرێدراوی نێو کارگەکان دروست کراوە، وێنەی جۆن لینۆنی میوزیکژەن لە کەرەستەکانی نێو ماکینەی ئوتۆمبێل دروست کراوە. وێنەی فان کۆخی وێنەکێش لە (٣٠٠٠) پولی پۆستە دروست کراوە، وێنەی کچە ئەکتەری ئەمریکی جینیڤەر لۆرێنز لە گەڵای گوڵ کێشراوە.



## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە باس لەو جۆرە کەسانە دەکات، کە ئەگەر هەموو دنیاش کاوڵ بکات، ئاساییە تەنیا بۆ بەدەستهێنانی مەرام و مەبەست و پارە و موڵکی خۆی.




جارێکیان دزێك لە ناو بازاڕ جەنتای ئافرەتێکی دەنگ بەرز دەدزێ و ڕادەکات، ئافرەتەکە پڕ بە دەنگی هاوار دەکات و دەڵێ: ئەوە دزە بیگرن، جەنتای منی دزیوە، خەڵکینە ئەو دزە بگرن. دزەکەش گوێی لەو هات و هاوارە دەبێ و دەگەڕێتەوە و جەنتاکەی ئافرەتەکە دەداتەوە دەستی و پێدەڵێ: ها ئەوە جەنتاکەت، دەڵێی قەت دزت نەبینیوە!

## بۆ زانیاریت

### چۆن هەمان DNA خانەی جیاوازمان پێ دەبەخشێت؟

جەستەمان، لە سەدان جۆرە بەش و پێکهاتەی جۆراوجۆر و جیاوازی خانەکان پێکهاتووە، ئەم جیاوازییانە شێوە و ئیشی جیاواز دەبەخشن بە شانە و ئەندامەکانی جەستەمان، ئەو خانانەی کە ئێسك و دەمار و ماسوولکەکانمان پێکدەهێنن زۆر جیاوازن و ئیشەکانیشیان بە گوێرەی پێکهاتەی جینیی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیاندا، گشت خانەکانمان هەمان DNAی تێدایە، هەمووشمان دەزانین کە DNA ماستەر پلان دانەر و ئەندازیاری خانەیە، کەواتە مەتەڵەکە ئەوەیە چۆن هەمان DNA ئەندازیاری خانەکانی کردووە، کەچی خانەکان



**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

هەوڵەکانت با زیاتر بۆ بەرژەوەندیی خۆت بن، کەسانی دیکە ئاگاداری ڕەوشی تۆ نین، وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بە بێدەنگی چارەسەر بکەیت، لەم گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی ڕابردوو بەسەر ژیانتدا هاتوون، کەمێك باری هەستی شێواندووی، بەڵام بێ ئومێد مەبە، لەم ماوەیەدا بەخت دەبێتە یاوەرت.



**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ماوەیەکە خەریکی پرۆژەیەکی کەچی بۆت جێبەجێ نابێت، پێویست ناکات هێندە خۆتی پێوە نیگەران بکەیت، فەرامۆشی بکە خۆی بۆت دێت، کەسێکی خۆشەویست پێویستی بە بایەخدانی تۆ هەیە، تۆش کە بە کەسێکی وەفادار ناسراوی فەرامۆشی مەکە و هاوکاری بکە.



**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ماوەیەکە کارەکانت بە ناخۆشی تێپەڕ دەبن، بەڵام پێویستە دووبارە هەوڵی زیاتری بۆ بدەیت، چونکە ئەوەی لە ڕابردوودا هەوڵدا سەری نەگرت، گشت مرۆڤێك لە ژیانیدا تووشی ناخۆشی و دارمان دەبێت، بۆیە نائومێد مەبەو خۆشت بەدەستەوە مەدە و لە هەوڵدانت بەردەوام بە.



**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

کەسێکی دڵ گەورەی و لە هەڵەی کەسی بەرامبەر خۆش دەبیت، نابێت هێندە لێبوردە بیت، چونکە کەسانێك هەن بە خراپە لێت وەردەگرن، لە بواری ئەڤیندارییەوە گومان و دوودڵی بەرەو کارەساتت دەبات، کەمێك ژیرانە سەرنج لە دەووبەرت بدە، ئینجا تێدەگەیت کە گومانەکانت لە جێی خۆی نەبووە.




**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بڕوات بە خۆت هەبێت و ئەوەی دەیکەیت ڕێگەیەکی ڕاست و دروستە، بەڵام هەوڵبدە لە داهاتوو تووشی کێشە نەبیتەوە، زۆر لە هەوڵی ئەوەدای کە هەر چۆنێك بێت وبەهەر شێوەیەك بێت ڕاوبۆچوونەکانی خۆت بە سەر خۆشەویستەکەتدا بسەپێنی، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ژیانت دەبێت.



**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢


هەستت بۆ ئەو کەسە دەرمەبڕە تا نەزانیت ڕازەکانی چین، لەگەڵ کەسێك کێشەت هەیە و تۆش ناتەوێ ئەو کەسە لە دەست بدەیت، هەوڵی چاککردنەوەی بۆ بدە، توانایەکی باشت هەیە و دەرفەتیش لەبارە بۆ ئەوەی بارودۆخی داراییت بەرەو باشتر ببەیت، لەبواری سۆزدارییەوە کەسێك بەداوی ئەوەیە گرفتێکت بۆ دروست بکات.




## پوختەی فیلم

**سپایدەرمان لە نێو خانەکانی تۆڕدا - Spider-Man: Into the Spider-Verse**

فیلمێکی زانستی و فەنتازیایە، کوڕە نەوجەوانێکی شاری برۆکلێنی ئەمریکی، کاتێك دەکەوێتە نێو تۆڕەکانی سپایدەرمان، جەستەی بریندار دەبێت و تۆڕەکە بەر جەستەی دەکەوێت، ئەو بەرکەوتنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەویش هەمان بەهرەکانی سپایدەرمانی هەبێت و سەر شوێنە بەرزکان بکەوێت، دواتر سەردانی پیتەر پارکەری سپایدەرمانی راستەقینە دەکات و ئەویش هاوکاری دەکات تا ببێتە یەکێك لە سپایدەرمانەکان، بە گوێرەی قسەی پیتەر پارکەر پێویستە چەندین سپایدەرمان هەبن بۆ نەهێشتنی تاوان، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و (٥٦) خولەکە، لە دەرهێنانی (پیتەر رامسی و رۆبێرت پێریسیچێتی و رۆدنی رۆتمان)ە، بودجەی فیلمەکە (٩٠) ملیۆن دۆلارە لە نواندنی: شامیك مۆر، جەیك جۆنسۆون و هایلی ستاینفێلدە.




**جیاوازن ؟ بەشێکی DNA لە خانەکانمانادا کاران، وردتر بڵێین کام جینانەی DNA کاران لە خانەیەکی دیاریکراودا و کام جینانە کارا نین، بۆ نموونە خانەیەکی پێست جیاوازە لە خانەی دەمارێك، چونکە جینی جیاواز کاران تیایاندا، کاتێك کە جینێك کارا دەبێت، لە ڕێگەی RNAەوە پرۆتینێك (کرێکار)ێك دروست دەکات کە شێوە و ئیشی تایبەت دەدات بە خانەکە، کەواتە بە سادەیی، DNA کتێبێکی گەورەی دیزاینە، هەر جینەو بەشێکە لە بەشەکانی کتێبەکە، بۆ نموونە جینێك بەشی خانەی چاوە و جینێکی تر بەشی خانەی دەمارە لە کتێبەکەدا، جینەکان کە کارا دەبن، RNA وەك مقاول دەگرن، RNAیش لای خۆیەوە بەو زانیارییەی لە جینەوە وەریگرتووە پرۆتین دروست دەکات، پرۆتینیش ئەو کرێکارە دەستڕەنگینەیە کە ئیش و شێوەی خانەکە دادەتاشێ و کاری لەسەر دەکات.**



## پەند و وتە

تۆماس کارلایل فەیلەسووفی ئوسکتلەندی، ساڵی (١٨٩٥) لە شاری ئەکلیفیگان لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا لەدایکبووە و لە ساڵی (١٨٨١) لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی سەرەتای هەر هەنگاو و کارێك بۆ دەستکەوتنی زانست و زانیاری دەڵێ: ئەوانەی بە دوای زانست و زانیارین، پێویستە سەرەتا دڵێکی گەورە و خۆشەویستیان هەبێت، چونکە لەو ڕێگەیەوە بە زانست و زانیاری دەگەیت.



## یاریی وێنە

ئەو وێنەیە بە دوو شێوە دەبیندرێت، ئەگەر گۆڤارەکەی ژێر دەستت بەسەر لا تەنیشتێك دابنێیت، ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت کە وێنەکە بریتییە لە (٢) وێنەی لە ناویەکتر و هەر یەکێك مانایەکی جیاوازی هەیە.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەوڵبدە کارێك بکەیت ببێتە جێگەی سەرنج، ئەو کارەی ئێستات پێوەی خەریکی لە ماوەیەکی کورتدا بۆت دەبێت و تۆش خۆتی بۆ ئامادە بکە، لە بواری کاردا پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بکەیت، چونکە کەسانێك لە بۆسە بۆت دانیشتوون، ئەمەش بە هۆی سەرکەوتنەکانت لە بواری کارەکەتە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسانێك کارەکانت بە شایستە دەزانن، بەڵام نابێت هێندە خۆشباوەڕ بیت، چونکە کەسانێك خراپەی تۆیان دەوێت، پێویستە زیاتر بایەخ بە باری ئابووریت بدەیت و بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێك کارەکانت ڕێکبخەی، لایەنی سۆزداریشت ئەوەندە فەرامۆش مەکە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

خۆت بە کاری خۆتەوە خەریك بکە، هێندە یارمەتی کەسانی دیکە دەدەیت، ئاگات لە ژیانی خۆت نەماوە، پێویستت بە پشووە، چونکە کەمێك نیگەرانی رووت تێدەکات و باری دەروونیت ئاڵۆز دەکات، بۆیە وا باشترە زیاتر تێکەڵی هاوڕێکانت بیت و قسەکردنیش لەگەڵ دۆستەکەت خەمەکانت سووك دەکات.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەوانەی دژایەتی تۆیان کرد، وا خەریکی پەشیمان دەبنەوە و بۆت دەگەڕێنەوە، تۆش بە ئاسانی وەریان مەگرەوە، چونکە نیازی خراپتریان بۆت هەیە، زیاتر بایەخ بە تەندروستیت بدە، لەبواری کاریشدا ئاگاداربە گرفتە خێزانیەکانت لە کاردا ساردت نەکەنەوە، بیرکردنەوە رەشەکان لەخۆت دووربخەرەوە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئامادەکاری بۆ کارەکانی داهاتووت بکە، چونکە ماوەیەکی دیکە کێشەکی گەورە بەرۆکت دەگرێت و تۆش ئەو کاتە پێویستت بە یارمەتییە، کەمێك ویژدانت بەکاربێنە لە هەڵسوکەتت بەرامبەر دڵدارەکەت، لە دەرنجامی گفتوگۆیەکدا دەگەیت بە چەند راستییەك کە پێشتر بە هەڵە تێگەیشتبووی.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

مەهێڵە دەستکاری ژیانت بکەن، نهێنییەکانت لای هەموو کەسێك باس مەکە، کەسێکی دڵ گەورەی و هەمیشە لێبوردەی، لەبواری ئیش و کاردا بەرەو پێش دەچیت و لە سەرکەتن نزیك دەبیتەوە، هەروەها لەم ماوەیەدا پلەی کۆمەڵایەتیت دیارو گەشاوەتر دەبێت.